خۆشۆردنی ڕۆژی جومعە واجبە لەسەر هەموو باڵغێکی نێر، وسیواک بکات، وبۆن لە خۆی بدات ئەگەر هەبوو

لە عەمروی کوڕی سولەیمی ئەنساڕیەوە دەڵێت: شاهێدی دەدەم ئەوەی کە ئەبی سەعید دەڵێت: شاهێدی دەدەم لەسەر ئەوەی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خۆشۆردنی ڕۆژی جومعە واجبە لەسەر هەموو باڵغێکی نێر، وسیواک بکات، وبۆن لە خۆی بدات ئەگەر هەبوو».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیدەکاتەوە کە خۆشۆردن بۆ نوێژی هەینی جەختی لەسەر کراوەتەوە وەکو واجب ؛ دەرهەق بە مسوڵمانێکی نێر وباڵغ لە ئەو کەسانەی کە نوێژی هەینی واجبە لەسەریان، وهەروەها سونەتە ددانی بە سیواك وهاوشێوەکانی پاك بکاتەوە، وهەر بۆنێکی خۆش بێت لەخۆی بدات.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10036